هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

ژمارە : ٨٣٠٧
NO :
ڕێکەوت : ٢٣ / ١ / ٢٧٢٢ کوردی
DATE: ٢٠٢٢ / ٤ / ١٢

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

**﴿ڕێنمایی دیاری کردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆکی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان﴾**

**پاڵپشت** بەو دەسەڵاتانەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و برگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆ ژمارە (٨٦) ساڵی ٢٠٠٤ بەرکار لە هەرێمی کوردستان بەیاسای ژمارە ٣٦ ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

پێناسەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانە کە بەرامبەریان دیاری کراوە:-

١. **هەرێم:-** هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢. **وەزارەت:-** وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٣. **وەزیر:-** وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤. **تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل:** تابلۆیەکە کە لە کانزای ئەلەمنیۆم دروست کراوە بە ماددەیەکی پلاستیکی شەوق دار ڕوپووش کراوە بە پێی قەبارەیەکی دیاری کراو و لە شوێنی دیاریکراو لە پێشەوە و پاشەوەی ئۆتۆمبێل جێگیر دەکرێت.
٥. **(IRQ)** : کورتکراوی (IRAQ).
٦. **(KR)**: کورتکراوی (Kurdistan Region).
٧. **ژمارەی تابلۆی نایاب:** ئەو ژمارە تابلۆیەیە کە لە (یەک یان دوو یان سێ) ژمارە پێک دێت یان گشت ژمارەی تابلۆکە وەک یەکن، وە دوای ژمارە (٩٩٩٩٩) دەست پێ دەکات و بەپێی سیستەمی ئەلیکترۆنی تابلۆ جیا دەکرێنەوە .
٨. **سیستەمی ئەلیکترۆنی تابلۆ:** سیستەمێکە کە لە لایەن وەزارەت دیزاین کراوە بە مەبەستی گورین و تەرخان کردنی تابلۆ بۆ ئۆتۆمبێل و جیاکردنەوەی تابلۆی نایاب .

**ماددەی دووەم/** مەبەست لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە ڕێکخستنی حەسلەتەکانی تابلۆی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێلەکانە کە لە بەرێوبەرایەتیەکانی هاتووچۆی هەرێم تۆمار دەکرێن بەپێی ستاندەردی جیهانی و عێراقی و بە بەرەچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرێم.

ژمارە : ۸۳۰۷
ڕێکەوت : ۲۳ / ۱ / ۲۷۲۲ کوردی

NO :
DATE: ۲۰۲۲ / ٤ / ۱۲

**خەسلەتەكان وجۆرەكانی تابلوی ئۆتۆمبیل**

**ماددەی سێ یەم:**

**کۆدی پارێزگاکان هەرێم** بۆ ناسینەوەیان بەم شێوەی لەسەر تابلۆ چاپ دەکرێت :

**ئەم ژمارانەی خوارەوە وەك كۆدی** پارێزگاكان دەناسرێت:

١. ژمارەی (22) وەك كۆدی پارێزگای هەولێر.
٢. ژمارەی (21) وەك كۆدی پارێزگای سلێمانی.
٣. ژمارەی (24) وەك كۆدی پارێزگای دهوك.
٤. ژمارەی (23) وەك كۆدی پارێزگای هەڵەبجە.

**ماددەی چوارەم:** تابلۆ بەم جۆرانەی خوارەوە دەبێت:

١. تابلۆی كاتی.
٢. تابلۆی تایبەت.
٣. تابلۆی كرێ .
٤. تابلۆی بارهەڵگر.
٥. تابلۆی كشتوكاڵ و بیناسازی.
٦. تابلۆی ماتورسكێل.

**ماددەی پێنجەم/**

**یەكەم/** قەبارەی تابلۆی ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١. تابلۆی كاتی بە قەبارە (۳۲۰ ملم × ۱٦۰ ملم) دەبێت بە پێی پاشكۆی ژمارە (۱).
٢. تابلۆی كورت به قەبارە (۳۲۰ ملم × ۱٦۰ ملم) دەبێت بە پێی پاشكۆی ژمارە (۲).
٣. تابلۆی درێژ بە قەبارە (۵۲۰،۸ ملم × ۱۱۲،٦ ملم) دەبێت بە پێی پاشكۆی ژمارە (۳).

**دووەم/** تابلۆی ماتورسكێل بە قەبارەی (۲۰۰ ملم × ۱۲۰ ملم) دەبێت بە پێی پاشكۆی ژمارە (٤).

**سێ یەم:** ئەستوری گشت جوری تابلۆكان (۱ ملم) دەبێت.

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان- عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی ناوخۆ<br>بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان<br>بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان<br>بەشی کارگێڕی | Ministry of interior<br>General Directorate of Diwan<br>( ISO 9001:2015 ) | إقليم كوردستان- العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة الداخلية<br>المديرية العامة للديوان<br>مديرية ادارة الموارد البشرية<br>قسم الادارة |

ژمارە : ٨٣٠٧
NO :

ڕێکەوت : ٢٣ / ١ / ٢٧٢٢ کوردی
DATE: ٢٠٢٢ / ٤ / ١٢

**ماددەی شەشەم/**

**یەکەم/** گشت جۆرەکانی تابلۆ جگە لە تابلۆی ژمارە کاتی لە شەش خانە (پیت و ژمارە) پێك دێت.

**دووەم:** نووسینی سەر گشت جۆرەکانی تابلۆ بە ڕەنگی (ڕەش) چاپ دەکرێن جگە لە تابلۆی ژمارە کاتی کە بە ڕەنگی (سوور) چاپ دەکرێت.

**ماددە حەوتەم:**

**یەکەم:** تابلۆ لە قەبارەی درێژ و کورت و ماتورسکێل ئەم هێما و ژمارانەی خوارەوەی لەسەرچاپ دەکرێت:

١. هێمای (IRQ) لە سەرەوەی چەپی تابلۆکە چاپ دەکرێت.
٢. هێمای (KR) لە ژێر هێمای (IRQ) لە لای چەپی تابلۆکە چاپ دەکرێت.
٣. ژمارەی ئۆتۆمبێل تا شەش خانە (پیت و ژمارە) چاپ دەکرێت.
٤. ژمارەی ئوتومبێل لە تەنیشت هێمای پارێزگا و پیتی تابلۆ چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری درێژ.
٥. ژمارەی ئوتومبێل لە ژێر هێمای پارێزگا و پیتی تابلۆ چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری کورت و تابلۆی ماتورسکێل.
٦. کۆدی پارێزگا لە پێش ژمارەی ئوتۆمبێل چاپ دەکرێت.
٧. هێلۆگرامێکی سکیوریتی لە نێوان کۆدی پارێزگا وپیتی تابلۆ جێگیر دەکرێت.

**دووەم:** تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل بە بێ هەبوونی هیچ هێڵێکی جیاکرانەوە لە نێوان پیت و ژمارەکان چاپ دەکرێت جگە لە هێڵێکی ستوونی لە لای چەپەوە کە هێمای (IRQ) و (KR) لە کۆدی پارێزگا و پیت و ژمارەکانی تابلۆ جیادەکاتەوە .

**سێ یەم** : تابلۆی کاتی بە ڕەنگی (سوور) چاپ دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. هێمای (IRQ) و (KR) لە لای چەپی تابلۆ چاپ دەکرێت و بە هێڵێکی ستوونی هێمای پارێزگا و ساڵ و ژمارەی تابلۆ جیا دەکرێتەوە.
٢. کۆدی پارێزگا بە هێمای (ـــ) لە ساڵی دەرچوونی تابلۆ جیا دەکرێتەوە.
٣. کۆدی پارێزگا لە لای چەپی سەرەوەی تابلۆ ، و ساڵی دەرچوونی تابلۆ لە لای ڕاستی سەرەوەی تابلۆ بە شێوەی ئاسویی چاپ دەکرێت.
٤. ژمارەی تابلۆی کاتی ئۆتۆمبێل لە ژێر کۆدی پارێزگا و ساڵی دەرچوونی بە شێوازی ئاسویی چاپ دەکرێت.

٥. زنجیرەی تابلۆی کاتی لە ژمارە ( 1 ) دەست پێ دەکات لە (١/١)ی هەموو ساڵێك تاکو (١٢/٣١)ی هەموو ساڵێك و ساڵانی دواتر لە زنجیرە ژمارە ( 1 ) دەست پێ دەکاتەوە.

٦. هێلۆگرامێکی سکیوریتی لە لای ڕاستی خوارەوەی تابلۆ جێگیر دەکرێت .

چوارەم : تابلۆ بە پیت و ژمارەی ئینگلیزی چاپ دەکرێن.

### ڕەنگەکانی تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل

**مادده هەشتەم:**

ڕەنگەکانی تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم**: تابلۆی تایبەت و ماتورسکێل بە ڕەنگی (سپی) تەواو دەبێت.

**دووەم**: تابلۆی کرێ بە ڕەنگی (سپی) دەبێت و لە خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە ڕەنگی (سوور) دەبێت.

**سێ یەم**: تابلۆی بارهەڵگر بە ڕەنگی (سپی) دەبێت و لە خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە ڕەنگی (زەرد) دەبێت.

**چوارەم**: تابلۆی کشتوکاڵ و پیشەسازی بە ڕەنگی (سپی) دەبێت و لە خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە ڕەنگی (سەوز) دەبێت.

### تەرخان کردن و فرۆشتنی تابلۆی ئۆتومبێل

**ماددەی نۆیەم:**

تابلۆی تۆماری ئۆتۆمبێل بەم شێوەیەی خوارەوە تەرخان دەکرێت:

**یەکەم**: ئەو تابلۆیانەی کە ئێستا تەرخان کراون لە ژمارە (١ تا ٩٩٩٩٩) پیتی (A) بۆ ژمارەکە زیاد دەکرێت و هەمان ژمارەی خوی بۆ تەرخان دەکرێتەوە.

**دووەم**: ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە ئێستا تابلۆیان بۆ تەرخان کراوە لە ژمارە (١٠٠٠٠٠) تا دوایین ژمارە بە پێی سیستەمی ئەلیکترونی تایبەت دووبارە تابلۆیان بۆ تەرخان دەکرێتەوە و ژمارەی دووەم لە لای چەپ لادەدرێت و پیتێکی بۆ زیاد دەکرێت بە پێی ئەو سیستەمە ئەلیکترونیە.

**سێ یەم**: ژمارەی سێیەم لە لایی چەپ لادەبرێت ئەگەر لابردنی ژمارەی دووەمی لایی چەپ ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی کە گشت ژمارەکانی تابلۆ وەك یەك لێ بێت (ژمارەی نایابی وەك یەك) بە پێی ئەو سیستەمە ئەلیکترونیە کە لە بڕگەی دووەمی سەرەوە ئاماژە پێکراوە.

**چوارەم**: ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە دوای بەکاربوونی ئەم ڕێنماییە بۆ یەکەم جار تۆمار دەکرێن بە پێی سیستەمی ئەلیکترونی هەرەمەکی (عشوائی) تابلۆی ئۆتۆمبێل بۆ تەرخان دەکرێت.

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

ژمارە : ٨٣٠٧
ڕێکەوت : ٢٣ / ١ / ٢٧٢٢ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٢ / ٤ / ١٢

## ڕێکارەکانی فرۆشتنی ی تابلۆی نایاب

**ماددەی دەیەم:**

فرشتنی تابلۆی نایابی ئۆتۆمبێل بە پێ یاسای فرۆشتنی و بە کرێ دانی مولك و ماڵی دەوڵەت ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢١ دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** لێژنەیەك پێك دێت لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە وەزارەت و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری وەك هاوەڵی لێژنە بە مەبەستی خەملاندنی نرخی تابلۆی نایاب و هەر چوار مانگ جارێك دەگوردرێت.

**دووەم:** لێژنەیەك پێك دێت لە وەزارەتی ناوخۆ بە سەرۆکایەتی نوێنەری وەزارەتی ناوخۆ و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ و فەرمانبەرێکی ژمێریاری لە وەزارەت و نوێنەری وەزارەتی دارایی و ئابووری وەك هاوەڵی لێژنە بە مەبەستی فرۆشتنی ی تابلۆی نایابی ئۆتۆمبێل و هەر چوار مانگ جارێك دەگۆڕدرێت.

**سێ یەم:** تابلۆی نایاب بە زیادکردنی ئاشکرا دوو مانگ جارێك لە وەزارەتی ناوخۆ دەفرۆشرێت.

**چوارەم** : دوای تەرخان کردنی تابلۆ بە هەر شێوەیەك بێت ئەم تابلۆیە دەبێتە مولکی خاوەنەکەی و دەتوانێت کرین و فرۆشتنی پێ بکات.

**پێنجەم** : فرۆشتنی ی تابلۆی نایاب تەنها تابلۆی تایبەت دەگرێتەوە.

**شەشەم** : تابلۆی نایاب بە پێی سیستەمی ئەلیکترونی برگەی دووەم لە ماددەی (نۆیەم) دیاری دەکرێت.

**حەوتەم** :

١. ئەگەر هاوڵاتی ئارەزووی تەرخان کردنی ژمارەی تابلۆیە هەبێت بە هەر پیتێك بێت کە نایاب نەبێت ئەوا بە رەزامەندی بەڕێوبەری هاتوچووی پارێزگا تەرخان دەکرێت بەرامبەر بڕێك پارە کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە.
٢. ئەگەر زیاتر لە داواکاریەك هەبوو لەسەر ژمارەیەکی تابلۆ ئەوا تابلو بۆ خاوەن یەکەم داواکاری تۆمارکراو لە تۆماری هاتوو تەرخان دەکرێت ، وئەگەر زیاتر لە داواکارییەك لە هەمان بەروار تۆمار کرابوو ئەوا بە تیرۆپشك یەکلادەکرێتەوە .

ژمارە : ٨٣٠٧ NO :

ڕێکەوت : ٢٣ / ١ / ٢٧٢٢ کوردی DATE: ٢٠٢٢ / ٤ / ١٢

### ئەحکامە دارییەکان

**ماددەی پانزدەیەم:**

**یەکەم**: بڕی (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دابین کردنی جووتێك تابلۆ بۆ ئۆتۆمبێل.

**دووەم**: بڕی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر لێدانی برغوو سیکوریتی تایبەت بە یەك جووت تابلۆ بۆ ئۆتۆمبێل.

**سێ یەم**: بڕی (٣٠,٠٠٠) سی هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دابین کردنی جووتێك تابلۆی کاتی بۆ ئۆتۆمبێل.

**چوارەم**: بڕی (١٠,٠٠٠) دە هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر کرێی خزمەت گوزاری لێدانی تابلۆ.

**پێنجەم**: بڕی (١٢٠,٠٠٠) سەد و بیست هەزار دینار وەردەگیرێت بەرامبەر دابین کردنی جوتێك تابلۆ بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە خاوەنەکانیان ئارەزووی گۆڕینیان هەیە پێش تەواوبوونی سالیانەی ئۆتۆمبێل.

**شەشەم** / بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار وەك بەرامبەری تەرخان کردنی تابلۆ بە پێی بڕگەی (حەوتەم) لە مادەی (دەیەم)ی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی دوانزدەیەم:**

ئەو بڕە پارانەی کە لە فرۆشتنی تابلۆی نایاب وەردەگیرێت و ئەو بڕە پارانەی کە لە ماددەی (پانزدەیەم) دیاری کراون دەخرێنە سەر ئەژمێری وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێژەیەکی دیاری کراو لەو پارەیە بە پێی بریار و رینماییەکانی حکومەت تەرخان دەکرێت بۆ پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

### ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی سیانزدەیەم:**

**یەکەم**: تا کۆتایی هاتنی سالیانەی ئۆتۆمبێل کار بەو تابلۆیانە دەکرێت کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان بۆ ئۆتۆمبێل تەرخان کراوە.

**دووەم**: ئەو تابلۆیانەی ئۆتۆمبێل کە بۆ گەشتی دەرەوەی ولات تەرخان کراون لە کاتی گۆڕینی بۆ تابلۆی نوێ لەگەل تابلۆی ئۆتۆمبێل وەردەگیرێنەوە.

**ماددەی چواردەیەم:**

دیزاینی تابلۆی تۆماری ئۆتومبێل بە هەموو جۆرەکانی تابلۆی و ماتورسکیل بەپێی دیزانی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە دەبیت.

هەرێمی کوردستان- عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکان
بەشی کارگێڕی

إقليم كوردستان- العراق
مجلس الـوزراء
وزارة الداخلية
المديرية العامة للديوان
مديرية ادارة الموارد البشرية
قسم الادارة

Ministry of interior
General Directorate of Diwan
( ISO 9001:2015 )

ژمارە : ٨٣٠٧
رێکەوت : ٢٣ / ١ / ٢٧٢٢ کوردی

NO :
DATE: ٢٠٢٢ / ٤ / ١٢

---

**ماددەی پانزەیەم:** تابلۆکانی (حکومی، پێشمەرگە، ئاسایش، دژەتیرۆر، پرۆتۆکول و دیبلوماسی) وەك خۆی دەمێنێتەوە و بە رێنماییەکی تایبەت رێك دەخرێنەوە.

**مادەی شانزدەیەم :**

**یەکەم:** کار بە هیچ رێنمایی و بەیان و بریار و نوسراوێك ناکرێت دوای جێ بەجێ کردنی ئەم رێنماییە .

**دووەم:** ئەم رێنماییە لە رۆژنامەی وقایعی کوردستان بلاودەکرێتەوە و لە دوای راگەیاندنی وادەی گۆڕینی تابلۆ لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ دەکرێت.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

وێنەیەك بۆ :

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان / بفەرموون بۆ زانین ، لەگەڵ رێزدا...
- بەرێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین ، لەگەڵ رێزدا...
- بەرێزان راوێژکارانی وەزارەت/ بۆ زانین ، لەگەڵ رێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ب.گ.دیوان / بۆ زانین ، لەگەڵ رێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ ب.گ.گومرگ/ بۆ زانین و کاری پێویست ، لەگەڵ رێزدا...
- بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ رێزدا...
- بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان/ بۆ بڵاوکردنەوەی تکایە ، لەگەڵ رێزدا...
- بەرێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان / بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ رێزدا...
- فەرمانگەی یاسایی/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ رێزدا...
- ب.هەماهەنگی و بەدواداچوون/ بۆ زانین و کاری پێویست، لەگەڵ رێزدا...
- خولاو.